# ژن و دەستور

ژنان لەعیراق و بەتایبەتیش ژنانی کوردستان، بەدوای رووخانی رژیمی بەعس و هەلوەشانەوەی سەرجەمی ئەو بریارو یاسایانەی پەیوەندی یان بەژنان و مافەکانیانەوە هەیە، هاوکات هەلوەشاننەوەی یاسای باری کەسایەتی کە کوشتنی ژنانی بەبەهانەی شەرەفەوە ری پیدابوو، یەك ئالوگۆری گەورەی کۆمەلایەتی دەخاتەروو. بەلام سازدانەوەی دەولەت و مەسەلەی دەستور هیشتا مەیدانیکی کراوەی لەبارەی ماف و ئازادییەکانی ژنانەوە خستۆتە سەرپشت. ئەوەی داهاتووی دەستوری عیراق چ جیگاو ریگایەك بۆژنان قایل دەبی وتاچەند بەپیوانەی شەریعەتی ئیسلامی و قەومیەوە دەیبەستیتەوە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و بەیکجاری ژنان راپیچدەکاتەوە بۆ ژیر سایەی رژیمیك کەمافەکانیان تیدا ژیر پیدەنرێ وبەم هۆیەشەوە کۆمەلگای عیراق و داهاتووەکەی بەزەرەری ژنان تەواو دەکات.. ئیمە بۆ خستنە رووی ئەم واقعیەتانە و هاوکات بۆ هەلدانەوەی راستییەکانی رەشنوسی دەستور لەگۆشە نیگای هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنانەوە ئەم گۆشەیەمان کردۆتەوە.. لەگۆشەی ئەمجارەشماندا، ئالا فەرەج سەرنووسەری بلاوکراوەی یەکسانی دەدوێنین:

**خەسرەو سایە: سەرەنجام رەشنوسی دەستور خرایە بەردەم کۆمەلەی نیشتمانی عیراق و بریاریشە پرۆسەی دەنگدان لەسەری بەری بکەوی.. لەمبارەوە سیاسەتمەداران، ئەحزاب و لایەنە سیاسیەکان لەدوو جەمسەری تەئیید و موخالەفەتدا کۆدەبنەوە، بەتایەتی لایەنگرانی دەستور پێیان وایە کەئەم رەشنوسە خواستی هەموو بەشەکانی کۆمەلگای لەخۆ گرتووە، لەوانەش ژنان.. ئەم قسەیە تاچەند راستی تیدایە؟ ئیوە وەك هەلسوراوانی بزوتنەوەی ژنان بەگشتی لەگۆشە نیگای ژنان و خواستەکانیانەوە چۆن لەم دەستوورە دەروانن؟**

**ئالا فەرەج:** رەشنووسی دەستور لەلایەن حیزب ولایەنە سیاسی قەومیو ئیسلامیەکانەوە ئامادەکراوە بە پشتیوانی بەردەوامی ئەمەریکا. ئەم حیزب و لایەنانە دەمیکە میژووی کاری دژە ئینسانیو دژی ژنیان بۆخۆیان تۆمارکردوە، بۆیە ئەمەریکاش بۆ ئەوەی هیز و دەسەلاتی رەشی خۆی لە عیراق و ناوچەکەدا جیگیر بکات، لەمرۆدا لەهەموو کەس زیاتر پیویستی بەم چەشنە لایەن و هیزە سەرکوتگەرانەیە هەیە. ماوەی چەند سالی رابردووی سیاسەتی ئەمەریکا لە عیراقدا ئەم راستییەی نیشانداوە، کە ئەوەی ناوی خواست و ئاوات و ئارەزووی خەلکییە ئەمان پشتی لیئەکەن و هیچ رەسمیەتیك بە ئیرادەی خەلکی عیراق نادەن. هەروەك چۆن لەسەرەتاوە ئەمەریکا عیراقی داگیر کرد و ئەم هیزانەی بەکارهینا بۆ ئەوەی نیشانی خەلکی دنیای بدەن کە ئەوە ئەمەریکایە ئەیەویت پرۆسەی (دیموکراتی) لە عیراقدا جیگیر بکات، و لە ژیر ناوی جەنگ دژی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسەتی بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسیو برەودان بە تائیفەگەری پیادەکردو بەمەش هەم لەلایەك هیزە تایفی و قەومی و شیعی و سونییەکانی لە عیراقدا بەهێز کردو هەم وەك هۆکاریك بۆ دژ وەستانەوە بە خواست و داواکارییە بەرهەقەکانی خەلکی وەستایەوە و ژیانی ملیۆنەها کەسیان لە عیراقدا بەدبەخت و مال ویران کرد....

بۆیە بەرای من ئەم پرۆسەیەش کە ناوی رەشنووسی دەستوریان لینا و ئیستاش کەوتونەتە خۆیان بۆئەوەی فەزایەکی ئارامی (یەك رۆژە)بۆ دەنگدان بەو رەشنوسی دەستورە بەرقەرار بکەن، لە دریژەی هەمان سیاسەتی پیشوویاندایە کە بە پرۆسەی داگیرکاری پاشان ناویان نا قۆناغی گواستنەوە و پاشان هەلبژاردنێکی سەیرو سەمەرەو ئێستا بەم پرۆسەی نوسینی دەستورە ئەیانەویت لە ڕونگەی خۆیانەوە دەولە تێکی ئیسلامی- قەومی بەسەر خەلکی عیراقدا بسەپێنن. وە لەم ریگایەشەوە رەسمیەت بدەن بە دابەشکردنی خەلکی عێراق لە سەربناغەی قەومو تائیفەی دینیو عەشیرەتو... هەربۆیە هەریەك لەو هیزولایەنانەی کە بەشداربوون لەدارشتنی ئەم دەستورەدا، هەریەك لەوانەش کە تەئیدی ئەم دەستورە ئەکەن وەئەوانەش کە لە دارشتنی دەستورەکەدا پاش هەول و تەقەلایەکی زۆر تەرح و خواستی حیزبەکەیان بەبادا چوو، هەموو ئەم لایەنانە هیچ نزیکایەتییەکیان نەبوەو نیيە لەگەل دابینکردنی خواست و داواکارییەکانی خەلکی عیراقدا. بۆ نمونە ئەوەی ئیستا خواستی راستەقینەی ژنانی عیراقەو تەعبیرە لە نیازو ویستی ئەوان، لابردنی مۆتەکەی ئیسلامی سیاسیو فەرهەنگی دواکەوتوە لە بەردەم هیواو ئاواتەکانیان، نەك نوسینی دەستور. بەلام لە پرسیارەکەی ئیوەدا هاتوە کە چۆن لە دەستور دەڕوانی، هەڵبەتە من ئەم دەستورە بە عەقدی ڕیککەوتنی چەند لایەنێکی کۆنەپەرست دەزانمو هیچ پەیوەندی نییە بە دەستورێك کە خەڵکی عێراق پێویستیەتی. ژنانی عێراق سی و پێنج ساڵ بەدەست یاسای ئەحوالی شەخسی بەعسەوە ناڵاندیان، خەبات و نارەزایەتی ئەوان دژ بە سیستەمی مەوجود کە یاساکانی نیزامی بەعسی درندە فەرزی کردبوو بەسەریاندا بە خوین تۆمار کراوە، بۆیە ئەمە فاکتەریکی بنەرەتییە کە لەوە حالی بین ئیتر ژنانی عیراق لە جۆری یاسای بەعسیان ناوێت، چ جا بگات بەم دەستورە کە هیچ تروسکایەکی تێدانییە بۆ هیچ خواستو داوایەکی ژنانو بەچەند هەنگاو زیاتر لەوەی بەعس بۆگەنترو دواکەوتورە، نەك هەر ئەوە بەڵکو ئەم دەستورە ژنان بەپێی باوەری ئاینی مەسیحیو ئیسلامو پاشان لە نێو ئەوەنەشدا بەپێی تائیفەی مەزهەبی دابەش دەکات، ئەمە زەنگێکی هێجگار خەتەرە. ژنانی عیراق خوازیاری یاسایەکی یەکسان و موتومەدینن کە تیایدا مافەکانیان پارێزراو بێت و ئیتر هیچ کەس و لایەنێك نەبێت دژایەتی کەرامەتیان بکات ویاسایەك بێت کە شەخسیەتی ژنانی تیادا پارێزراو بێت.

**خەسرەو سایە: بەلام لە بەندی مافە مەدەنیەکاندا ماددەکانی (14، 15، 16، 17) ئامارژەبە یەکسانی ژن و پیاو دەکات هاوکات لەبەندی 20دا ئازادی بۆ فەرد و ژنانیش وەك فەرد لەکۆمەلگادا رادەگەیەنی ئیوە لەسەر ئەمە دەلین چی؟ ئایا ئەمە کافی نیە بۆ ئەوەی بلیین ئەم دەستورە خواستەکانی ژنانی لەخۆگرتووە؟**

ئالأفەرەج: ئەو بەندانەی کەتۆ باسیان دەکەیتو گوایە بەڕواڵەت هەندی مافی تێدایە بۆ تاکەکانی کۆمەڵو بۆ ژنان، هەموویان بۆ ڕازاندنەوە نوسراون، ئەگینا لە بڕگەو بەندە سەرەکیەکانی دەستوردا، کە پیش ئەم ماددانە هاتوونو ئەحکامی سەرەکین، هیچ جیگاو ڕیگایەکی نەهێشتۆتەوە بۆ هیچ مافو خواستو داوایەکی ژنانو هیچ تاکێکی کۆمەل. بۆنمونە تۆ باسی بەندی 14 دەکەیتو کەتیایدا ووشەی یەکسانی هاتوە بەلام کاتێك کە دەستورەکە پیمان دەلێت "دینی ئیسلام دینی ڕەسمی دەوڵەتە" وە لەوە بێماناتر پێمان دەلێت "نابیت هیچ یاسایەك دابنریت موخالف بێت بە ئەحکامەکانی ئیسلام" ئیتر هیچ شتێك نامێنیت ناوی یەکسانی بێت، نەك تەنها بۆ ژنان بەڵکو بۆ باوەردارانی ئاینی مەسیحیو یەزیدیو... بەجیا لەوەش باسی مافی مرۆڤ کراوە بەلاّم دیسان ئەوەش قەید دەکاتەوە کە موخالف نەبیت بە شەریعەتی ئیسلامو لە چەندین شوێن قەیدو بەندی وەکو نیزامی عامو ئادابی عام هاتوە، کە هەر هەموویان ئەوە نیشان دەدەن، کە ئەو بەندانەی تۆ باسیان دەکەیت، هەمووی دیکۆرن و بەهاوکاری ئەمەریکا داریژراون بۆ چەواشەکردنی رەئی گشتی جیهانو ژنانو خەڵکی عێراق. بۆیە بەمانای واقعی ئەوەی هاتوە لە دەستورەکەدا، بۆ سەرکوتی ژنانە، بۆ زەوتکردنی مافەکانیانە کە کەم تا زۆر بویانە، وە تەنانەت بۆ لێسەندنەوەی قانونە دژبە ژنانەکەی حکومەتی بەعسیشە. بەمانایەکی تر ئەوەی ئیسلامی سیاسی نەیتوانی لە بریاری 137ی کۆیلەیەتی ژناندا جێبەجێی بکات، ئەمڕۆ بەهاوکاری ئەمەریکاو ناسیونالیزمی کورد لە دەستوردا جێگای کردۆتەوە. دەولەتیك کە ئاخوند و مەلاو شەمشەمەکویرەکانی سەردەمی پیغەمبەرو عەلی بیهێننە بەرهەم هیچ تەوەقعیکی ئیجابی لێناکریت بۆ ژنانو مافەکانیانو بۆ هیچ کەسێکی ئازادیخوازیش.

**خەسرەو سایە: لەدەستوری بەعسدا هیچ ئامارژەیەك بە بەشداری ریژەی ژنان نەکراوە، بەلام لەرەشنوسی ئیستادا باس لەریژەی ٪25 ژنان لەپەرلمان و ئۆرگانە بالاکانی دەولەتدا دەکات.. ئایا ئەمە دەستکەوت نیە بۆ ژنان؟ ئایا ئەمە هەنگاویکی چاکسازی نیە لەراستای بەشداری ژنان لەدەسەلاتی سیاسی و کاروباری دەولەتدا؟**

**ئالأفەرەج:** باسی ئەو ڕیژەیەی تۆ دەیکەیت، کراوەتە باسێکی گەرمو لایەنە کۆنەپەرستو دژە ژنەکان بۆ پاساودانی دەستورەکەیان گوایا دەستوریکیان نوسیوە کە ریژەیەکی یەك بۆ چواری داناوە بۆ ژنان لە پۆستە بالاکانی حکومەتو پەرلەماندا. ئەوە لەوانەیە فیمنستێکی گێلی پێ هەڵبخەڵتێنن یان چەپێکی سەر لێشواوی ئەوروپی، ئەگینا باسی مافو داواکاری ژنان پەیوەندی هەیە بە سیستەمی دەسەلاتداریو جێگاو ریگای ژن لە کۆمەڵدا وەك ئینسانێکی کامڵو یەکسان، دیارە حەتمەن ئەمەش دەبیت بگات بەوەی کە ژنان بەشێوەیەکی یەکسان بەشداربن لە بەرەوپێش بردنی حوکمرانیدا، بەلام ئەصلی مەسەلەکە ئەم رێژەیە نیە. ئەگەر تەماشا بکەین، ژنەکان ئەوانەی کە مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی خۆپیشاندانی پیدەکردن بۆ خواستی ئەوەی کە دەستور دەبێت هەموو سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلام بێتو ناسیونالیزمی کوردیش خۆپیشاندانی پێدەکردن بۆ ماددەی 58، ئەوەی دوەمیان هیچ پەیوەندی نیە بەخواستی ژنانەوەو ئەوەی یەکەمیشیان سەرکوتی ژنانە، ئیستاش ئەمانەن کە لە پەرلەمانو دەولەتدان. ئەم ژنانە ئەگەر لە ٪100 یان لە پەرلەمانو دەولەتدا فەرمانڕەوا بن، یەك زەرە کاریگەری نیە بۆ دابینکردنی خواستو داواکانی ژنان. خۆ لەکوردستان چەند ساڵە ژنان لە پەرلەماندان، بەلام چیان کرد بۆ ژنان؟! ئەوەی کردیان رازاندنەوەی رووی ناسیونالیزمی کورد بوە، دەیانەوێت ئەوە نیشان بدەن کە ئەم هێزانە شارستانی ترن لە هەندی هێزی تر. بۆیە بەبروای من ئەو هەنگاوە لەسەر پایەی چەواشەکاری دامەزراوەو بەتایبەت بۆ فریودانی رەئی گشتی جیهانیو ڕازاندنەوەی وەجهی قەبیحی ئەمەریکا کە هەمیشە تەپلی "دیموکراتیو مافی مرۆڤ" لێدەدات. ئەوەی لە پرسیارەکەتدا دەلێیت (هەنگاوی چاکسازی) هەرگیز من لەگەل ئەو رایەدا نیم. چاکسازی لەچیدا؟ ئەم سیستەمەی لە دەستورەکەدا نوسراوە قابیلی ئەوەنیە چاکسازی بکرێت، نەك تەنها لە ڕوانگەی منو کەسانی ئازادیخوازەوە کە مانانی چاکسازی حەتمەن دەگۆرێت، بەڵکو بەمانای ئەو چاکسازیەی بۆنمونە حکومەتێکی وەکو تونس یان مەغریب دەیەوێت بیکات لە هەلومەرجیکی ئارامو ئامندا. ئەمە چاکسازی نیەو فریودانە.

**خەسرەو سایە: سەلماندنی فیدرالیزم لەدەستوردا ئەو بۆچوونەی هیناوەتەئاراوە کەژنانی کوردستان دەتوانن مل بەسروشتی ئیسلامیەیانەی دەستوری عیراقی نەدەن و لەفۆرمی یاساکانی ناوچەی فیدرالدا خۆیان لەبەلای شەریعەت و پیوانە ئیسلامیەکانی رەشنوسی دەستور رزگار بکەن.. ئیوە چەندە ئەمە بە واقعی و عەمەلی دەبینین؟**

ئالافەرەج:بۆ ئەوەی نادروستی ئەم بۆچوونەی حیزبە ناسیۆنالیستیە کوردیەکان بە فاکت بسەلمینین، واچاکترە چاویك بخشێنینەوە بە میژووی رابردووی دەسەلاتی سیاسی ئەم حیزبانە لەگەل تاقیکردنەوەکانی بزووتنەوەکانی ژنان لە کوردستاندا دژ بە کارنامەی رەشی ئەم حیزبانە، ئەوەی کە بینیمان، دژ وەستانەوەیان بوو بەرامبەر خواست و داواکاریەکانی ژنان، ریکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتانی ئیمەیان بە زەبری چەك داخستو پێشتریش بلاوکراوەی یەکسانیان بە بریار لە هەولیر قەدەغەکرد، لەبەرئەوەی ئیمە مافی یەکسانی ژنو پیاومان دەوێتو ئەوەش لەگەل (ئادابی) کوردەواری ئەو حیزبە کوردیانەدا نایەتەوە. لەسایەی ئەواندا هەزارەها ژن کوژران لە ژیر ناوی ناموسدا زیاتر لە 2000 ژن تەنها لەهەولیر لەسایەی توندو تیژیو فشاری دواکەوتوی پیاوسالاریو فەرهەنگی دواکەوتودا خۆیان سوتاندوە، ئەوان ئیسلامی سیاسیو شەریعەتی ئیسلامیان بەهێز کرد، ئەوان نیشانیانداکە خودی ناسیۆنالیزمی کورد تەواو تیکەلە لەگەل ئیسلام و

شەریعەتەکەیدا، بۆیە تەنانەت ئەگەر ناسیونالیزمی کورد بەتەنهاش دەستور بنوسێتو بەتەنهاش پیادەی بکاتو فشاری کەسیشی لەسەر نەبێت، ئەو بۆچوونەی هیناویانەتە ئاراوە جیگای بروا نییە، ئەوە ئەوانیشن کە لەسایەی ئەم دەستوری سیناریۆی رەشەدا، ژنانیان بەتەواوی دابەشکردوە بەسەر تائیفەو قەومو مەزهەبی جیاوازداو بڕیارە هەر ژنە بەپێی تائیفە ئاینیەکەی یاسای ئەحوالی شەخسی بەسەردا جێبەجێبکرێتو ئەمەش بەتەواوی دژ بە ریزی خەباتی بزوتنەوەی ژنانو هیوا ئارەزوەکانیانەو ژنان نەك جیادەکاتەوە لە چوارچیوە جیهانیەکەی بەڵکو ژنانی عێراق لە نیو خۆشیاندا جیادەکاتەوە بەپێی قەومو دینو تائیفەو عەشیرەت. ئەمەش بەتەواوی کۆنەپەرستانەو دژی ئینسانیە. هەروەها خالیکی تر لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە ئەوەیە کە ناسیونالیزمی کورد خۆی فیدرالیزمی بۆ سەرکوتی خواستی خەڵکی کوردستان دارشتوە نەك بۆ جێبەجیکردنی مافەکانی ئەوانو لەوانەش ژنان، ئەگەر ئەوان بەواقعی لەگەل خواستی خەلکی کوردستاندا بونایە، خواستی جیابونەوەیان هەلدەبژاردو ئەوکاتە لە هەناوی دامەزراندنی دەولەت لەکوردستاندا ململانێکە دەهاتە سەرئەوەی کە ئەوان مافەکانی ژنان دەپاریزنو بریاری لەسەر دەدەن یان نا. ئەوەی ئیستا دەیکەن مەعلومە، کە دژ بەژنانەو ناتوانن لە چوارچیوەی ئەو دەستورە گشتیە دەربچن کە هەیە.

**خەسرەو سایە: بەرای ئیوە ژنان دەبی چ هەلویستیکیان لەدەستوری ئیستا هەبی؟**

**ئالا فەرەج:** بەبروای من ژنان وە ئەو ریکخراوانەی بەراستی پاریزگاری لەمافەکانی ژنان دەکەن پێویستە لەئێستاوە شەقامەکان بگرنو دروشمی نا بۆ دەستوری کۆنەپەرستو لە پیناو مافەکانی خۆیاندا بێنە مەیدان، کە سەرەکیترین خالی جیابونەوەی دینە لە دەولەتو پەروەردەو خوێندنو جێبەجێکردنی یاسای یەکسانی نیوان ژنو پیاوە بەخەباتی یەکگرتوی خۆیان لەگەل باقی ئازادیخوازاندا، ڕیگە نەدەن ئەم پرۆسە گالتەجاریە جێبەجێبکرێتو لەسایەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری فراواندا هیزی داگیرکەران لەوولاتدا دەرپەرێننو دەستی ئیسلامی سیاسی کۆتا بکەن لەدەسەلاتو واش بەشیك بن لەبزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری کە ڕووی لە بەدیهینانی ئەو ئامانجەیە. دەبی بلیم لەدەوری حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و ڕێکخراوی ئازادی ژنانی عیراق کۆببنەوەو خۆتان ریکخراوبکەن بۆئەوەی بتوانین پیکەوە مافو خواستەکانمان بەدیبهینین.